غـەمگین بۆڵی

# من هیچ حەزم لەوە نییە دەسکاری چرای نەوت بکەم



## سـەرەتاکان کۆتاییان بەدوادا دێت

ئەو کاتانە بەستوونی پانتاییی خەونەکان و نۆستالیژیای وشەکان هەڵدەزنێم، دەشێ ئەوە من نەبم کە خۆم و دەوروبەرم پێ نامۆیە. ئاخر زۆر جار ئەوە من نیم کە گوایە منم! ناشێ نووسەرێک بە شەمەندەفەری فیکرەکانی بیەوێت بە جادەکانی مەملەکەتی وێژە پیاسە بکات و نەزانێت لە کام رێگەیە و لە کوێوە هاتووە و بۆچی دەخولێتەوە؟ وەلێ کاتێ رەخنەگرێک هۆشیاری دەکاتەوە، ئەو لەبری ئەوە: نەمامی رق و کینەی بەرامبەر دەڕوێنێ، گرفتی رەخنەی کوردی نەبوونی میتۆدوتیۆری رەخنە نییە، رەخنەی کوردی زیاتر لەقوڕی گروپچیەتی و ناوچەگەرییەوە چەقیوە، نابێ ئەدەب بەلایەنێکی بەرژەوەندییەوە موتوربە بکرێت، کە ئەم رەخنە ناتەندروستە هەناسەکانی داهێنان و نوێگەریی پچڕپچڕ کردووە. کە ئەوە زیندانیکردنی ئەقڵی نووسەر خۆیەتی، ئێمە لە فیردەوسییەتی ئیمانستانی نووری بۆچوون و حوزنی وشە و بەرائەتی دەربڕیندا، لە دوورگە فەنابووەکانی زەمەنێکی پڕ شەرانگێزدا دەنووسین و عەبای رەش دەپۆشین.

ناوەڕۆک

ترسنۆک هەرگیز قوربانی نادات، ئەوە کەسی پاڵەوانە کە هەموو کات قوربانی دەدات، لە

پێناو ئازادی، ئەوانەی وێڵی ئازادییەکی جوانن، هەرگیز لەگەڵ ئەو سیستەم و سەردەمەی کە تێیدا دەژێت هاوڕا نییە.

"یالمارسۆدێرباری" لە ڕۆمانی دوکتۆر گلاسدا وەها تۆوی بۆچوونەکانی وەشاندووە «ئەوەی لەسەر ئەم کاغەزە دەینووسم، چ ددانپیانانێک نییە، دەبێ ئیعتیراف بۆ کێ بکەم؟ من هەموو شتێک لەبارەی خۆمەوە ناگێڕمەوە. تەنیا ئەوە دەگێڕمەوە کە هەوەسم لێیە بیگێڕمەوە، بەڵام هیچ شتێک لەبارەی ئەوەوە ناڵێم کە ڕاست نییە، درۆ لەبارەی بەدبەختی روحمەوە، جا ئەگەر بەدبەخت بێت، ناگەم». نووسەر لە نێو دووفاقیەتی گومانگەرییدا هەمیشە لە بوونێکدا دەتلێتەوە، کە ئەمەش بەسەر کارەکتەری ڕۆمانەکەدا پەخش بووە. تەنانەت وشەکان هێندە پڕن لە نێو گوتندا، لە دێڕەکاندا پاڵ بە فانتازیا و ئستاتیکاوە دەنێن، تاکو ئاوێتەی میتۆلۆجیەتی هیومانیزمی بن. دەستپێکی ڕۆمانەکە زیاتر پرسیارە گومانگەرییەکانی خود و میتافیزیقی حەپەسان لە بەردەم ئاوێنەی ژیاندایە. ژیانیش لەم ڕۆمانەدا لە شەڕێکی دژواردایە، لە نێوان کوشتن و ئازادکردنی کەسێکی تر. چۆن قەشە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵە و ژنەکەشی لەوپەڕی جحێڵیدایە. دەشێ قەشە ئاینەکەی کردبێتە فاکتەرێک بۆ مەرامە تایبەتییەکان و جووتبوون و غەریزەکانی تر، قەشە ئاین دەکاتە تاکە بەهانە. ئەو لە بەرامبەریدا بەساردوسڕی مامەڵە لەگەڵ حەزە پایزییە گرگرتووەکانی قەشەدا دەکا. ئەو نایەوێت بەو ناسکی و جحێڵییەی خۆیەوە لەگەڵ پیرەقەشەیەک سێکس بکات، کە چرای عەشقی ڕاستەقینەی لێ خەفە کردووە و حەزە بەهارییەکانی لە پایزی خۆیدا وشک و قەتیس کردووە. ئەو دەیەوێت عاشق ببێت ئەوسا سێکس بکا، بەر لە عاشقبوون سێکس ئازاری دەدات. کە ئەمە بە درێژاییی ڕۆمانەکە هاودژی یەکتر دەکەوێتەوە لەگەڵ هەوەس و نەریت و عەشق و غەریزەکانی. دەشێ لە ڕێگەی مومارەسەکردنی سێکسەوە ژن داگیر بکرێت، وەلێ ناشێ عەشق داگیر بکرێت. عەشق و حەزە



بەهارییەکانی ژن ئازادبوونیان گەرەکە، نەوەک داگیرکردن. لە پشتی هەموو ئازادییەکەوە عەشقێکی پڕ لە حەز و خەون بوونی هەیە، ئیشکالەتی هاودژبوونی نێوان مومارەسەی سێکس و حەزە بەهارییەکانی عاشقبوون تەوەری سەرەکی رۆمانەکەیە لە پاڵ کوشتندا. نووسەر هەردەم خەون دەبینێت و لای وایە خەونەکانمان چەشنی ئاوی رووبارەکان دەڕۆن و ناوەستن و ناگەڕێنەوە. بۆیە خوێنەر لە نێو ئەو زمانە تۆکمەیەی کە پێی نووسیوە، ناتوانێت چەشنی شێرێکی برسی بەپەلە راوی مامزی دیمەنگەلەکانی نێو رۆمانەکە بکات.




لە دەستپێکردنەوەی یاداشتەکانی رۆژانەیدا وشەکان بەجۆرێ بارگاوی کراون کە فانتازیای خەونە پڕ گومان و پرسیارەکانی نووسەر کۆتاییان هاتووە. نووسەر ئەو سێ مانگەی کە باڵەخانەی رۆمانەکەی لەسەر دامەزراندووە و نەخشاندوویەتی، ئاوێتەی بەرائەتی منداڵی و گەڕانەوە بۆ خەونە گەورەکانی بەرایی، کە رۆمانەکەی بەرەو ئاقارێکی رازاوەی سەوزی پڕ گوڵ بردووە. دەشێ هەر نووسەرێکی جوانتووس لەبارەی خەونەکانی منداڵییەوە، لە رۆمانێکدا بەرائەت بنووسێتەوە، وەلێ خەونەکانی منداڵی و پرسیارە سەرەتاییەکان بە ئیستاتیکاکردن لەگەڵ ئەو زەمەنە پڕ گومانەی کە نووسەر تێیدا دەژێت، تەوەری سەرەکی رۆمانەکە بێت. کە "یالمار سۆدێرباری" بەوردی کاری بۆ کردووە. ئەو رۆمانە لە ساڵی ١٩٠٥ بڵاو کراوەتەوە. کە سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەکات. وەلێ تام و بۆی ئێستا دەدات، نووسەر ئەو دیمەنگەلە بەرائەتییانەی لە واقیعی یاداشتەکەدا خەیاڵەکانی پێ پەلکێشی ئیستاتیکا کردووە. زۆر جار بە میتۆلۆجیەتی خود بەکۆتا دێت، لەوانەیە رۆماننووسە گەورەکان هێندە بەستوونەکانی خەیاڵ هەڵزنابن کە دوا جار بە پێش واقیعگەلەوە کەوتوون و سەردەم و قۆناغەکانی ژیانیان بەزاندووە و بۆ هەمیشە بە زیندوویی ماونەتەوە. ئاخر ئەوە فیکرەی جوان و زمانێکی تۆکمە و پاراوە تەمەندرێژی بە

نووسینەکان دەدات و نووسەر سەردەمەکان لە ناو واقیعی خۆیدا دەپێچێتەوە. نووسەر بەوپەڕی قووڵییەوە باس لە ئازادکردنی ژنێکی داگیرکراو لەلایەن قەشەیەکەوە دەکات، کە قەشەی مێردی بە هەردوو دیوەکەی ئازاری دەدات. هانابردن بۆ دوکتۆر گلاس و گەڕان بە دوای فریادرەسێک، دەشێ ئەوە دەروازەی ڕۆمانەکە نەبێت، بەڵکو کلیلەکەیەتی. دوکتۆر گلاس بۆ پاراستنی حەز و ئازادییەکانی عەشقی بیر لە کوشتنی قەشە دەکاتەوە، دوای ململانێیەکی مۆنۆلۆگی خود و گەیشتن بەمەحاڵ و لادان لە داوونەریت و یاساکانی ژیان، بۆیە دوکتۆر گلاس بە حەپ قەشە لەناو دەبات، کوشتنی کەسێک بە حەپ لەپێناو ئازادکردنی کەسێکی تردا پرسیارگەلێکی گومانگەریی دەخاتە بەردەم ویژدانەوە، کە نووسەر بە وردی پرسیارە گومانگەرییەکان و خەونە ئەفسانەییەکانی خودی راڤە کردووە و بە ئاقارێکدا بردوونی کە هەست بە پڕبوونی گۆزەی حەز و دڵی عیشق و تەواوکارییەکانی هیومانیزمی دەکەین لە بەردەم کوشتنی کەسێک لەپێناو ئازادکردنی کەسێکی تر. ئاخر نووسەری جواننووس خوێنەرەکانی هۆگری ئەو دەلالەتە گومانگەرییانەی ژیان و پرسەکانی کوشتن دەکات و دەنووسێت «زۆر جار بیر دەکەمەوە کە ئاخۆ ئەگەر هیچ کتێبێکم نەخوێندبایەوە و هیچ تابلۆیەکی هونەریم نەبینیبا، چ سروشتێکم هەڵدەبژارد!».




## کۆتاییەکان هەربە هیوای سەرەتان

ئەو دیمەنگەلانەی کە لە ڕۆمانی "دوکتۆر گلاس"دا سەد ساڵە نووسراون و ئێستایش خۆیان بەسەر ژیان و مرۆڤایەتیدا پەخش دەکەن

* کۆکردنەوەی پارەی ڕۆژانە بۆ کڕینی کتێب.
* پەرەنەدانی زیاتر بە خوێندن بۆ پلەی بەرزتر و تەواونەکردنی قۆناغەکان، لەبەر نان پەیداکردن.

* توندوتیژی جەستەیی و روحی بەرامبەر بە ژن.
* بەکارهێنانی ئاین بۆ وەسیلەی تایبەت.
* باوکسالاری و کۆمەڵگەی نێری.
* دابوونەریت و کۆسپەکانی خۆشگوزەرانی بۆ ژیانبوون.

چەند سەرنجێک لەبارەی وەرگێڕانەکەیەوە




دیارە وەرگێڕانی رۆمانێکی پڕ فانتازیا کارێکی زۆر زەحمەتترە، لە وەرگێڕانی رۆمانێکی سادە، وەلێ ئەوە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیشکالەکان لەبارەی وەرگێڕانەکەوە نەخەینە روو. هەندێک دەستەواژە لە زمانی کوردیدا مۆرکی ناوچەگەریی پێوەیە. کە ئەمە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا کارەساتە، یاخۆ بەو شێوەیە دروست نین و وەرگێڕانەکەش دەبێتە وەرگێڕانێکی ناتەندروست. وەرگێڕ "دلاوەرقەرەداغی" هەم وەکو نووسەر و هەمیش وەک وەرگێڕ پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبی کوردیدا داگیر کردووە، وەرگێڕ لەم رۆمانەدا لە نێوان وشەی "وتی" و "گوتی"یدا خۆی یەکلا نەکردووەتەوە. رۆمانەکە کە ناوی "دوکتۆر گلاس"ە، وەلێ لە ناساندنی کتێبدا "دکتۆر گلاس"ە.

«ئەگەر بۆ نموونە» قورسە لەسەر زماندا روونترە و تیژترە ببێژرێت «بۆ نموونە ئەگەر». هەروەها «ئێوارەت باش جەنابی قەشە، وەزعتان چۆنە؟» قەشە ناوێکی تاکە و بە تەنیا هاتووە، وشەی «وەزعتان»یش کۆیە، جوانتر و تەندروستترە نووسرابایە «ئێوارەت باش جەنابی قەشە، تەندروستیت چۆنە؟». وەلێ گرفتی گەورەی وەرگێڕانەکە ئەوەیە کە زۆرێک لە دەستەواژەکان شێوەزاری کوردستانی رۆژهەڵاتین، کە ئەمەش بە درێژایی وەرگێڕانەکە زاڵ بووە لە هەندێک دەربڕیندا، ئەم هۆکارەش لە دوماهی کتێبەکەدا خوێنەری ژیر هەستی پێ دەکات.

پەراوێز و سەرچاوە:

*رۆمانی "دوکتۆر گلاس" نووسینی - یالمارسۆدێرباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەرقەرەداغی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە